شێرپەنجەی کینە

هەرکەسێک چاوەڕێی تۆڵە بێ پێویستە دوو قەبریش هەڵبکەنێ.

"پەندێکی چینیە"

بەخشندەیی دەروازەیەکە بۆ ئاسودەیی و کامەرانی، دەرگایەکی بچوکەو ناتوانیت پێدا تێپەربیت تەنها مەگەر بچەمێتەوە، زۆرقورسە دۆزینەوەی، بەلام هەرگیز لە سنوری عەقڵی مرۆڤ تێ پەڕنابێت، واتە ئەتوانین بیدۆزینەوە بەلام کۆششێکی زۆرو زاڵبونێکی زۆری دەوێت بەسەر نەفسی خۆتدا. لەوانەیە بگەیتە بەردەم ئەو دەرگایە بەلام گرنگ کردنەوەیەتی کە هیچ زیانێک بەوانی دی نەگەیەنێ وەبیرت بێ زاڵبون بەسەر نەفسی خۆت و تورەبونتدا بە ئاسانی دەتگەیەنێتە ئەو دەرگایە بەلام ئەوە فەرامۆش مەکە کە بتوانی بیکەیتەوە.

مانای راستەقینەی بەخشندەیی چییە؟ یاخود بڵێن بەخشندەیی چی دەگەیەنێ؟ بە کورتی پەیوەندیەکی بەهێزی بە ئاکارو خووە جوانەکانی مرۆڤەوە هەیە کە داوای دوورکەوتنەوە لە تۆڵەسەندنەوە دەکات یاخود لێبوردن و چاوپۆشین لە هەڵەکانی بەرامبەر بەواتای فەرامۆشکردنی شتە خراپەکان و پەسەند کردنی ئاکارە جوانەکانی مرۆڤ لەبیرت بێ ژیان هەرگیز خاڵی نەبووە لە شتە قێزەونە نابەجێکان یاخود هەرگیز بەتاڵ نەبووە لە مرۆڤی خراپ و بەدگۆ بەلام وەک ژیان لە شەڕایە لە پیشاندانی شتە نابەجێکان بەرانبەر مرۆڤ ئاواش مرۆڤ پێویستە بجەنگێ لەبەرانبەر پێشاندانی خوو ئاکارە جوانەکان و زاڵبوون بە سەر رق وکینەدا.

کاتێ لە کەسی بەرامبەر خۆش دەبین لە بەرامبەر کردنی هەڵەیەک یاخود ئازاردانمان بەبێ هەبوونی هۆیەک. مانای زاڵبونە بەسەر رق و کینە یاخود هەستی خراپ کەوات لێئەکات داوای تۆڵە بکەیت و ئەو بورکانی رق و کینەت لەناخی خۆت دەرکەیت. بەئەنجامدانی ئەمە هێندە نابات لەپشت ئەمانەوە قودرەتی ئاشبونەوەو دووبارە یەکگرتنەوە لەگەڵ کەسی بەرامبەردا دەبینی.

لێبوردەیی لەوانەیە هەندێ جار ئازارەکانمان کەمنەکاتەوە یاخود هەندێک جار پەسەند نەکرێ بەلام هۆکارێکی ئەفسوناوییە بۆ دورکەوتنەوە لە هەڵچونی بورکانی رق و کینەمان لە ناخماندا. رابەرێکی هەمیشەییە بۆ دورکەوتنەوە لە ئازاردانی کەسانی بەرامبەر لە بەرامبەرداو لە کاتێکی کەمدا، کەسی بەرامبەر هەست بەگەورەیی و توانا ئەفسوناویەکانت دەبینی بە زاڵبوون بەسەر نەفسدا.

شتێکی ئاساییە کاتێک ئازاردەدرێین لەلایەن کەسانی بەرامبەرەوە، چونکە وەک وتمان ژیان هەرگیز خاڵی نەبووە لە کەسانی خراپ و ئازاردەر. هەرگیز ژیان وەک ئەوەی دەمانهەوێ نەبووە بەلام پاش چەند کاتژمێرێک دەبینین ئەو هەوری رق و کینەی کە وەک هەورێکی زستان نەفسی مرۆڤەکان دەیهەوێ بیباریێنێ بەسەر کەسی بەرامبەردا ئەرەوێتەوەو وەک ئاسمانێکی ساماڵی هاوینی لێدێت کە هەرگیز بۆنی بارانی لێنایەت.

هەموومان دەزانین ئەوانەی کە خەمبارن ئەوانەی پەستن لە ژیان، یادگاریەکی سەرسوڕهێنەریان هەیە بۆ بچوکترین ئازار کە رۆژێک لە رۆژەکانی ژیانیان رویداوە ئەوانە کاتەلۆگی ئازارەکانیان لیست کردووە، بەجۆرێک کە بیر لە بەخشندەیی ناکانەوە چونکە ئەوان ئازاریکی زۆریان چەشتووە ئەوەش بەرجەستە ئەکەن کە تاکە کەسێک خۆشنەبووە لە تاوانەکانیان هەربۆیە خۆشەویستی چیتر جێگەی نابێتەوە لە لایان لێرەوە تۆڵە سەرهەڵئەدات. هەندێک جار کەسە ئازاردراوەکان بە روخسار بێباک و دڵخۆشن بەلام لە دەروون دا یاخوود با بڵێین لە دنیای ناوەوەدا دەریایەک لە رق و کینە شەپۆل دەدات.

کەسە ئازاردراوەکان بەرگری لە ئازارەکانیان ئەکەن واش هەست ئەکەن کە ئازارەکانیان زۆر قوڵەو بێشومارن لە ژمارەدا. هەربۆیە خۆیان بەدەر ئەکەن لە دنیای خۆشەویستی و دەچنە دنیای رق و تۆڵەوە. بەلام لە راستیدا هەر ئەوانن کە پێویستیان بە خۆشەویستی و بەخشندەییە.

نزیکەی بیست ساڵ لەمەوبەر لەلایەن هاورێیەکی باوکمەوە بانگهێشتی داوەتێک کراین لەوێ سەردانی کۆنە دۆستێکی باوکمان کرد کە نزیک بوو بمرێت، لەو کاتەدا بەردەوام بانگی خێزانەکەی دەکرد. هەرچەندە خێزانەکەی بەسەریەوە وەستابوو بەلام غیرەی ئەوەی نەئەکرد کە تەنها فرمێسکەکانی بۆ بسرێ. ئێمە سەرمان سوڕما لە رەوشتی ئەو ئافرەتە کە بۆچی دەرگای بەزەیی لە مێردە بەسەزمانەکەی داخستووە بەلام لەکۆتاییدا پاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆر بۆمان دەرکەوت کە ئەم ئافرەتە دنیای خۆشەویستی و بەخشندەیی لێونبووە تەنها شتێک کە وێڵە بە دواياو چێژی لێوەرئەگرێ تۆڵە سەندنەوەیە لە هاوسەرەکەی کە لە ژیانیا تاوانێکی بەرامبەر کردووە کە هەرگیز ئامادەنەبوو بیری خۆی بباتەوەو لێبوردەیی دەربڕێ بەرامبەری. سەرنج بدە بزانە تۆڵە چی دەخوڵقێنێ بزانە چی بەسەر ئەم ئافرەتە هێنا تا ئەو راددەیەی کە بتوانێ ئەو هەموو ساڵانەی پێکەوە ژیان لەگەڵ هاوسەرەکەیدا لەبیر بکات تەنها لەبەر تۆڵەسەندنەوەیەکی کاتیدا.

بەخشندەیی مانای فەرامۆش کردن یاخود چاوپۆشین نییە لە هەڵەکانی بەرامبەر بەڵکو دژوەستانەوەی رق و کینەیە بەرامبەر بەو کەسەی کە هەڵەکانی کردووە. ئەوەشمان بیرنەچێت کە رق یاخود کینە هەرگیز یارمەتیدەر نەبووە و نابێت.

رق و کینە زۆر زیاترە لە هەبوونی دیدگایەکی نێگەیتیڤیانە بەڕووی ژیاندا. کە پێموایە هیچ شتێک ئەوەندەی دیدگای نێگەیتیڤی کوشندەی ژیانی مرۆ ڤ نییە. وەک هێزێکی خۆکۆژی لەناو ناخی مرۆڤا. هەبوونی تۆسقاڵێکی رق و کینە ریگە نیشاندەری یاخوود بڵاو بونەوەی ڕەگی ئەم میکرۆبەیە بە هەموو ئایدیاکانی مرۆڤدا وە هۆکارێکی هەرەسهێنانی مرۆڤە لە ژیاندا.

چەند ساڵێک لەمەوبەر هاورێیەکم ئەم چیرۆکەی گێڕایەوە "رۆژێکی بەهاری ساڵی ١٩٨٥ بوو لەگەڵ هاورێیەکمدا بە سەردانێک چوبوینە نیۆیۆرک لە ناکاو پەیوەندیەکی بۆ هات کە گوایە کچەکەی **ئان** کوژراوە ئەویش دەستبەجێ چویە فرۆکەخانەو لەگەڵ کورەکەی **دانیاڵ** لەوێوە راستەوخۆ بۆ لۆس ئەنجلس پاش گەیشتنە بنکەی پۆلیس بەمجۆرە وەلامیان دانەوە" کچەکەتان مردووە و هیچ شتیک پەیوەندی بە ئێوەوە نیە خۆمان لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەین." کاتێک دانیاڵ تێگەیشت کە بنکەی پۆلیس وەک پێویست گرنگی نادات بە کێشەکە دەستبەجێ باوکی بەجێهێشت و بەرەو دۆزینەوەی تاوانبار دەکەویتەرێ بۆ تۆڵە سەندنەوەی مافی خوشکەکەی. پاش ماوەیەک چومە سەر گۆڕی (ئان) کە بینیم گۆڕێکی تر لە تەنیشتیەوەیە نوسراوە دانیاڵی جوانەمەرگ. منیش خۆم پێنەگیراو پەیوەندیم بە هاورێکەمەوە کرد لە وەلامدا وتی ئەوەی تۆڵە هەڵبژێرێ پێویستە دوو گۆڕیش هەڵکەنێ".

لێرەدا دەبینین دەریای رق و کینە لە ژیانی مرۆڤدا چ مەرگەساتێک دەخوڵقێنێ.

نوسینی:

جۆن کریستۆف ئارنۆڵد

وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە:

ئەسعەدی مەلا مستەفا

Shkar_asad@yahoo.com

دیمستۆرا کەرکوک بەرەو کوێ دەبات؟

لەدێرزەمانەوە کەرکوک خاڵی ناکۆکی نێوان حکومەتی بەغداو شۆڕشەکانی کورد بووە، هەمیشە ئەو شارەو بەکوردستانی زانینەکەی لەلایەن کوردەوە جێگەی مشتومڕ نەبووە، لەدوای پرۆسەی سیاسی عیراقیشەوە چەندین یاساو مادەو دروشمی بەکوردستانیبوونی کەرکوک ئاماژەی پێدراوە، بەڵام

دیمستورا کەرکوک بەرەو کوێ دەبات؟

لەڕووی جێبەجێکردنەوە تا ئێستا دەسەڵاتی کوردی هیچی نەکردووە، جا وەک دەسەڵاتی کوردی هیچی پێنەکراوە ئەو یاسایانەش کە غەیرە کوردەکان بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکە ڕایانگەیاندووە لەبەرژەوەندی کورد نەبووە.

پێشنیارەکانی دیمستورای نوێنەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بەو شارە، بەڵام با بزانین ئایا ئەوان دەتوانن چارەسەری کێشەکە بکەن یان دەیانەوێت لەسەر حسابی کوردەکان جێگەی ڕەزامەندی ئەوانی تربن؟ لەکۆبوونەوەیەکی پەرلەمانی کوردستاندا لەمانگی دیسەمبەری ڕابردوودا کە چەند ڕۆژێکی مابوو بۆ تەواوبوونی وادەی یاسایی مادەی ١٤٠ ی تایبەت بەکەرکوکو بەئامادەبوونی نوێنەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان (دیمستورا)، ماوەی زەمەنی ئەو مادەیە بۆ ٦ مانگ درێژکرایەوەو دیمستوراش لەوتەکانیدا ئاماژەی بەوەکرد کە ڕازیبوونی کورد بەدرێژکردنەوەی ئەو مادەیە مانای مسۆگەرکردنو بەدەستهێنانی پشتگیری نێودەوڵەتیەو لەماوەی ئەو شەش مانگەشدا کات بەفیڕۆ نادەینو مادەکە جێبەجێ دەکەین، بەڵام لەگەڵ بەسەرچوونو تێپەڕبوونی کاتدا، پەرلەمانی کوردستان هیچ هەڵوێستێکی بەرامبەر نەتەوە یەکگرتووەکان دەرنەبڕی، بەڵکو ئەویش بووە بەشێک لەسیستمی کات بەفیڕۆدانەکە بەرامبەر بەخۆی! دیمستورا لەوتەکانیدا ئاماژەی بەهاوکاری تەکنیکی دەکرد بۆ جێبەجێکردنی مادەکە، بەڵام لەلایەکی تریشەوە دەهات قسەی لەسەر چەند ناوچەیەک دەکردو دەیکردنە بەشێک لەکێشەکان بۆ نمونە باسی قەزای (ئاکرێ)ی کردو کردیە ناوچەی ناکۆک، لەکاتێکدا ئەو ناوچەیە لەڕووی دەستوریشەوە بەشێکە لەهەرێمی کوردستان. هەر لەپێشنیارەکانیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە"نەتەوە یەکگرتووەکان کار بۆ ئەوە دەکات چارەسەرێکی وا بۆ کێشەی کەرکوک دابنێت کە جێگەی ڕەزامەندی هەموولایەک بێت "، دیارە لێرەدا مەبەستەکە ڕوونە کە دەیەوێت لەبری پشتبەستن بەهەڵبژاردنو ڕیفراندۆم سیستمەکە بەتەوافوق بڕواتو دەسەڵاتەکان لەو شارەدا دابەش بکات لەنێوان نەتەوەکاندا.

دیارە تا ئێستا هیچ هەنگاوێک نەنراوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو مادەیە، بەڵکو هەر کاتی کوشتووەو ڕەنگە مەبەستیشی ئەوەبێت کێشەکە بکەوێتە دوای گژرانکاریە دەستوورییەکانو پاشان بەدەستووری نوێ مامەڵەی لەگەڵدا بکاتو لەسەر حسابی کورد ببێتە جێی ڕەزامەندی ئەوانی تر.

ڕەنجە دۆڵبێشکی

سەرچاوە: NNA

فەرید زەکەریا چ خزمەتێک بە کورد دەکات؟

فەرید زەکەریای بە ڕەگەز هیندی و لە دایکبوی ساڵی ١٩٦٤ لە شاری موبیا، رۆژنامەنوسێکی بە توانای ئەمرۆی ئامریکایە، خوێندنی بەکالوریۆسی لە زانکۆی (Yale) و دکتۆرای لە باشترین زانکۆی ئامریکا(Harverad Univrsity) لە بواری پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان بەدەستهێناوە. چەندین وتارو بابەت و نوسینی لەو بوارەدا لە ڕۆژنامەو بڵاوکراوە ئامریکیکاندا هەیە، لە چەندان TV بەرنامەی هەیە، کە گرنگترینیان لە کەناڵی CNN ئامریکا کە بەرنامەی GPS (Global Public Square) کە هەموو ڕۆژنایەکی یەک شەممە کاتژمێر ١٢ ی نیوەڕۆ پێشکەش دەکرێت. بەرنامەکانی زیاتر بەرنامەی تایبەتن بە کێشە نێودەوڵەتیەکان کە تیایدا هەر جارەی باسی کێشەی شوێن و نەتەوەیەک دەکات، بەشداربووەکانیش کەسانی سیاسی و ئەکادیمی و ناسراوی ئامریکی و جیهانین، کە تایبەتمەندیان لەو بوارەدا هەیە.

هەفتەی پێشوو پرسیارێکی

گرنگی کرد! کە بوە ڕاپرسی هەفتەیی، کە ئەویش ئەمەیە:" چ کەمە نەتەوەییەکی ئەمرۆی جیهان باشترین و بەهێزترین کەیسی بۆ بوون بە دەوڵەت هەیە "؟

لە بەرواری ٧-٩-٢٠٠٨ لە کۆتای بەرنامەکەیدا ئەنجامی ڕاپرسیەکەی ئاشکراکرد، کە کورد تێیدا زۆرترین دەنگی هێناوە، واتە زیاتر لە فەلەستینیەکان، کە ئەوان چەندین ساڵە میدیای جیهان باس لە کێشەکەیان ئەکات و خودی George Bush پشتگیریان دەکات و داوای دروستبونی دەوڵەتی فەلەستینی دەکات.

گرنگی ئەم ڕاپرسیە بۆ کورد چیە؟

١/ ئەم ئەنجامە پۆزەتیڤە بۆ گەلی کورد ئەوە نیشان ئەدات کە کێشەی کورد پێشکەوتنێکی باشی بە خۆوە بینیوە، واتە خەڵکانێکی باش ئاگادار و شارەزای کێشەی کورد هەن. بە تایبەتی خەڵکی ئامریکی. واتە هەست و سۆزی ئامریکیەکان و ئەوروپیەکان لەگەڵ هەست و سۆزی و داخوازی گەلی کورددایە. ئەم ڕاپرسیە دەربڕینی ڕای گشتی خەڵک بوو، ئەوشمان لەبیر نەچێت! کە ڕای گشتی خەڵک لەم وڵاتە دیموکراتیانەدا زۆر گرنگە و گوێی لێ دەگیرێت.

٢/ بۆ گەلی کورد جێگەی خۆشحاڵیە، کە لە شوێنێکی وادا زۆرترین دەنگ بە دەستبێنێت بۆ ئامانجە ستراتیجیتیەکەی. ئەنجامی ئەم جۆرە ڕاپرسیە دەبێت بە زانیاریەکی باش و ئاشکرایی بوونی کێشەی کورد و ڕەوایی داواکاریەکانی، بە تایبەتی وروژاندن و کردن بە بابەتی ڕۆژی کێشەی کورد لە میدیاکاندا کاریگەری زۆری دەبێت بۆ ئاراستەکردن و ئاوڕدانەوەی جدی حیزبە گەورەکانی ئامریکا وەک دیموکراتەکان و جمهوریەکان، بە تایبەتی لەو کاتانەی کە ڕای گشتی خەڵکی لەم ڕاپرسیانەدا بە پۆزەتیڤانە بۆ گەلی کورد دەربکەوێت. کورد بۆ خۆشی لە ئامریکادا ڕویەکی جوانی هەیە و دواکاریەکانی تا ئاستێکی باش لای خەڵکی ئامریکا ڕەوایەتی خۆی هەیە.

گەلی کورد دەبێت ئەوە باش بزانێت، هەتا لە دەرەوەی وڵاتی خۆی و بە تایبەتی لە ئامریکا و ئەوروپادا وێنەی جوانبێت و خۆشەویست بێت هێشتا کەمە، زۆر گرنگە بۆ گەلی کورد وێنەی خۆی وا وێنا بکات کە گەلێکی زوڵملێکراوی ئاشتی خواز و دیموکراتخواز و ئازادی خوازە، ئەمەش بە ڕەفتار وکردای ڕۆژانە و مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو ئەم بواراە مرۆیانەدا بە شێوازێکی ڕاستگۆیانەو بەوپەڕی لە خۆبوردنەوە بە تایبەتی لەگەڵ ناحەزانی گەلی کورد و ئەوانەی کە نایەنەوێت لە کێشەی کور تێبگەن و یان دەیانەوێت هەمیشە کورد بخەنە سەنگەری تۆڵەسەندنەوە و ڕەتدانەوەی کارە دزێوەکان و تیرۆریستانەوە. تەنانەت ئامریکا بۆ خۆی لەگەڵ ئەو هەموو هێزەی کە هەیەتی ئێستا هەست دەکات کە کەموکوڕیان هەیە لە سیاسەتی دەرەوەیاندا و خۆشەویست نین بە گوێرەی پێویست، هەمیشە لە سیاسەتی دەرەویاندا باس باسی ئەوەیە کە چۆن ئامریکا بتوانێت خۆی خۆشەویست بکات و وێەنی جوانی خۆی پیشانی جیهانی دەرەوە بدات.

بۆ ئێمەی کورد دەبێت چەند پیشاندانی وێنەی جوانی کورد بە نرخبێت لە کاتێکدا کە ئەو عێرقەی کە خۆمان دروستمانکردەوە و خۆمان هاوبەشیمان لە پاراستنی کرد و چوینە سەنگەرەوە بەرامبە بە هەموو ناحەزانی عێراق و تیرۆریستان، کەچی ئەوەتا زۆر بە ئاشکراو بێشەرمانە مالکی و ئەنجومەنی بەناو نیشتیمانی عێراق لە هەوڵی ئەوەدان کە جینۆسایدی گەلی کورد بەردەوامبێت و هەموو شێواندنی سروشتیی دیموگرافیای ناوچە کورد نشینەکان بە ڕەوا دەزانن و سوپای تێکشکاوی دوێنی و دروستکراوەی ئەمرۆی عێراق بە دەستی کوردەکان خۆیان دەنێرنەوە سەرمان و هەڕشەمان لێدەکەن. لەم کاتەدا ئەنجامی ڕاپرسێکی وا لە ئامریکادا دەبێت زۆر باش بنرخێنین و لە هەوڵی بەروپێشەوە چونی بین، ئەم ڕاپرسیە وەڵامێکی دڵخۆشکەر بە گەلی کورد و دڵتەزێنیش بۆ دوژمنانی گەلی کوردە.

دلێر

ڕۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی، ڕۆشنبیری گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات

خاوەنی ئیمتیاز: ڕێکار ئەحمەد

سەرنووسەر: حوسێن حەسەن

ژمارە تەلەفۆنی خاوەنی ئیمتیاز: ٠٧٥٠١١٩١٤٩٧

ژمارە تەلەفۆنی سەرنووسەر: ٠٧٥٠٤٤٧١٦٣١

ئۆفیسی سلێمانی
گەڕەکی رزگاری، نزیک مزگەوتی حەزرەتی ئیبراهیم، بەرانبەر زانکۆی ئەمریکا، ژمارەی تەلەفۆن ٠٥٣٢١٠٩٢٥٦

ئۆفیسی هەولێر
شەقامی شەست مەتری گەڕەکی رزگاری بەرانبەرانبەر ئاسایشی گشتی ژمارەی تەلەفۆن ٠٧٥٠١١٧٩٨٤٦

ئۆفیسی کەرکوک
حەسیرەکە، بەرانبەر نەخۆشخانەی رزگاری، ژمارەی تەلەفۆن ٠٧٧٠١٣٢٥٠٨٠

ئۆفیسی رانیە
شەقامی نالی، بەرانبەر گەراجی نەورۆز کتێبخانەی رۆژی گەل ژمارەی تەلەفۆن ٠٧٥٠١١٦٣٨٠٥

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com